گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری شەڕی داعش لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان-عێراق لەدوای ساڵی ٢٠١٤ (*)

**پ.ی.د. بارزان جوهر صادق**
بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
barzan.sadq@su.edu.krd

**محمد اسماعيل جليل**
بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
muhammed.jalil@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٢/١٦
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٤/٤
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*ISIS, Foreign Relations, Paradiplomacy Kurdistan Region, Iraq*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.12

## پوختە

هەرچەندە شەڕی داعش هەرەشە و مەترسی زۆری لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کرد، بەڵام لەسەر ئاستی پەیوەندی دەرەکی و دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان لێکەوتەی ئەرێنی هەبوو، چونکە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی بەهێزترین هێزی زەمینی ڕووبەڕووبونەوەی داعش بوو، لەهەمان کات ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی شەڕی داعشی لەخۆگرت، لەلایەکی ترەوە، بەهۆی ئەوەی ئێزیدیەکان لە شەنگال تووشی جینۆساید هاتن لەسەر دەستی ڕێکخراوەکە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێبکەوێتەوە و پاڵپشتی و هاوسۆزی بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دروستکرد. بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە، پەیوەندی دەرەکی و پاڕادیپلۆماسی هەرێمی کوردستان زیاتر گەشەیسەند بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زیادبوونی سەردانی شاندە دیپلۆماسییەکان، سەردان و پێشوازی لە ئاستی لوتکە، دروستکردنی پەیوەندی نوێ، بەشداریکردن لە کۆنفرانس و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوچەکە و جیهان.

## 1- پێشەکی

هەرێمی کوردستان لەرووی جیۆپۆلەتیکیەوە کەوتووەتە ناوچەیەکی پڕ لە کێشمە کێش و ململانێ. لەرووی مێژوویشەوە بە کۆمەڵێک رووداوی تراژیدی تێپەڕبووە. نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ هۆکاربووە بۆ ئەوەی کورد نەتوانێت لە رووداو و گۆڕانکارییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکاندا وەک کارەکتەرێک رۆڵ ببینێت و لە بەرژەوەندی خۆیدا ڕێڕەوی رووداوەکان ئاراستە بکات، ئەمەش وایکردووە کە هەمیشە زلێهزەکان و رووداوەکان چارەنووسی ئەم نەتەوە دیاری بکەن. لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، بەهۆی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان و گۆڕانی پاڕادایم و سیستەمی نێودەوڵەتی، دەرکەوتنی بەجیهانیبوون، کەمبوونەوەی سەروەری دەوڵەت و گرنگیدان بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلان، گۆڕانکاری زۆر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دروست بوو، ئەمەش بووە دەستپێکی دەرکەوتنی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی. لەم سەروبەندەدا هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ لەناوچەکەدا بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی دروستبوو.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش لە ساڵی ٢٠٠٣، دەسەڵاتە دیفاکتۆیەکە چوارچێوەیەکی دەستووریی وەک هەرێمێک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا وەرگرت. ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دامەزراوەیی ڕەفتار بکات لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیی. شەڕی داعش وێستگەیەکی گرنگ و کاریگەری مێژووی سیاسی هەرێمی کوردستان بوو، ئەم قۆناغە کۆمەڵێک هەڕەشەی جددی و لەهەمان کات دەرفەتی هێنایەکایەوە کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت تەنها لەسەر دەرفەت و هەڕەشەکانی سەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی شەڕی داعش لێکۆڵینەوە بکەین.

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی دابەشی سەر چوار باس کراوە. لە باسی یەکەمدا چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. دواتر لەباسی دووەمدا تیشک خراوەتە سەر ناساندنی

چەمکە سەرەکییەکانی وەکو ڕێکخراوی داعش و پاڕادیپلۆماسی و پرۆتۆدیپلۆماسی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا. لە باسی سێیەمدا گرنگی دراوە بە کاریگەری شەڕی داعش لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوە و دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان. لەکۆتا باسیشدا، دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

### 1-1 پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:

کاریگەری شەڕی داعش لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان چی بوو؟

پرسیارە لاوەکییەکان

ئایا هەرێمی کوردستان توانیویەتی سوود لە ئالینگارییەکان و دەرفەتەکان وەربگرێت بە مەبەستی فراوانکردن و داڕشتنەوەی پەیوەندییە دەرەکی و دیپلۆماسییەکانی؟ پێگە و قورسایی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا لە چ ئاستێک دابووە؟

### 2-1 گریمانەی توێژینەوەکە

شەڕی داعش دەرفەتێکە بۆ بەهێزبوون و بەرەوپێشەوەچوونی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتان و جیهانی دەرەوە، لەهەمان کاتدا بۆ گرنگیدانی زیاتر بە مانەوە و بەهێزبوون و پاراستنی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان.

### 3-1 گرنگی توێژینەوەکە

دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵە کورت بکەینەوە:

١- ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات خوێندنەوەیەکی زانستیانە بۆ ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە پەیوەندی دەرەکی و سیاسەتی دەرەوە بکات. لەم ڕوانگەیەوە تیشک دەخەینەسەر پەیوەندییە دەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان کە وەک ئەکتەرێکی نا دەوڵەتی چالاک لە ناوچەکە کارلێک لەگەڵ ئەکتەرەکانی تر دەکات.

٢- سەرهەڵدانی داعش بە وێستگەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. مەبەستی ئەم توێژینەوەش دەرخستنی کاریگەریەکانی شەڕی داعشە لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها لەکاتێدا مەترسیەکانی داعش لە دوای ڕووخانی خەلافەتەکەی کۆتایان نەهاتووە دەکرێت بەرچاو ڕوونیەک بێت بۆ دروستکەرانی بڕیاری هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی سوود لەو کرانەوە نێودەوڵەتییە ببینن بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان.

### 4-1 میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative Method) دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی کاریگەری شەڕی داعش لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، تەنها لە هەندێک شوێنی کەم نەبێت پێویستیمان بە وەرگرتنی داتاکان دەبێت. چونکە ئەم میتۆدە بەکاردەهێنرێت بۆ دیراسەکردنی بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان. ئەمەش لەکاتێکدا سروشتی ئەم زانستانە بەشێوەیەکە کە ناتوانرێت لە تاقیگەیەک ئەنجامبدرێت و دەرەنجامەکان بە دەستبهێنرێت، بەڵکو هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی ڕووداوەکان، کێشەکان، بەهاکان، داب و نەریتی کۆمەڵگاکان، ڕەفتاری تاک و گروپ و دەوڵەتان. میتۆدی چۆنایەتیش چەند ڕێبازێکی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. لەم توێژینەوەیەدا سوود وەردەگرین لە هەردوو میتۆدی مێژووی و وەسفی شیکاریی.

## (٢) ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### (1-2) دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)

لە ڕووی زاراوەوە، لە زمانی عەرەبی وشەی "داعش" کورتکراوەیەکە لە چوار پیت پێکهاتووە کە گوزارشتە لە "الدولة الإسلامية في العراق والشام". بۆ یەکەمجار چالاکوانی سوری خالد ئەلحاج صالح لە ٢٧ی ئایاری ٢٠١٣ بەکاریهێناوە (بشرالدين، ٢٠١٦، ص ١١-١٢). لە زمانی ئینگلیزیدا (ISIS) بەکاردەهێنرێت کە کورتکراوەی (Islamic State of Iraq and Syria) یان (ISIL) کە کورتکراوەی

(Islamic State of Iraq and the Levant)ە. دوای فراوانبوونی قەڵەمڕەوی داعش لە عێراق و سوریا ڕێکخراوەکە ناوی خۆی گۆڕی بۆ (الدولة الإسلامية) بە زمانی ئینگلیزیش (Islamic State) کە کورتکراوەکەی(IS)ە (Siniver & Lucas, 2016, P63). لە زمانی کوردیدا مەبەست لە داعش کورتکراوەی "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام"ە، بەهەمان شێوە لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، بەشێکی زۆری توێژەر و لێکۆڵەرەوان "ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی" لەنوسین و توێژینەوەکانیان بەکاردەهێنن (محمود، ٢٠١٥، ل ١٨٨).

لە دوای داگیرکردنی بەشێکی خاکی سوریا و عێراق، داعش لە 29ی حوزەیرانی 2014 جاڕی خەلافەتیدا لەژێرناوی "دەوڵەتی ئیسلامی" و ناوی خەلیفەکەی ئاشکرا کرد بەناوی (ئەبو بەکر بەغدادی) لەڕێگەی بەیانێکی دەنگیەوە کە لەلایەن وتەبێژی ڕێکخراوەکە (ئەبو محمد عەدنانی) خوێنرایەوە، ئەم بەیانە هەموو جیهانی سەرسام کرد، چونکە لە دوای نۆ دەیە لە دوای هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی لەلایەن مستەفا کمال ئەتاتورک جارێکی تر خەلافەت گەڕایەوە ( Schweitzer & Einav, 2016, P 28).

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ داعش کراوە هەندێک دەیناسێنن وەکو "ڕێکخراوێکی ئیسلامی سەلەفی جیهادی تیرۆرستی". کە هەر یەکێک لەم چەمکانە بەشێکی گرنگ لە ڕەگەز و شوناس و ئایدۆلۆژیا و ئامانج و جیهانبینی داعش پێکدەهێنێت (وەڵزی، ٢٠١٧، ل ٧٤). بەشێکی تر لە توێژەران جەخت لەسەر فاکتەری ئایدۆلۆژیای ڕێکخراوەکە دەکەنەوە بۆ پێناسەکردنی، لەوانە توێژەری ئەڵمانی بۆ کاروباری تیرۆر گیدۆ شتایبنبێرگ (Guido Steinberg) پێیوایە "داعش ڕێکخراوێکی سەرنجڕاکێشتر بوو لە ڕێکخراوە توندڕەوەکانی بەر لە خۆی، لەبەر ئەوەی مەترسی ئەوە هەیە کاریگەری هزرەکانی بمێنێتەوە، ئەو هزرەش کارا بوو بەو پێیەی بانگەشەی دەوڵەتی دەکرد، زۆربەی توندڕەوە ئاینییەکانیش خەون بە دەوڵەتێکی لەو شێوەیە دەبینن"(پیرە، ٢٠١٩، ل ١٠). هەندێکی تر لە توێژەران جەختدەکەنەوە لەسەر ئامانجی ڕێکخراوەکە بۆ پێناسەکردنی لەوانە نووسەری بەناوبانگی بواری توندوتیژی و تیرۆر چارلز لیستەر (Charles R. Lister) و (د.سامر ئەبو رومان) بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن "ڕێکخراوێکی تیرۆرستی، سەلەفی، جیهادی، سەربازییە. لە ئامانجە سەرەکییەکانی گەڕانەوەی خەلافەتە، کە تیایدا شەریعەتی ئیسلامی دەستوور و یاساکەی بێت"(سوڵتان، ٢٠٢١، ل ٣٤).

دەتوانین بڵێین پێناسەکەی چارلز لیستەر، پێناسەیەکی پوخت و ورد و گشتگیرە. لە هەمان کاتدا هەوڵیداوە رێکخراوەکە بناسێنێت و ئامانجی سەرەکی رێکخراوەکە بخاتەروو.

لێرەدا پێویستە جیهانبینی و ڕەهەندەکانی رێکخراوی داعش ڕوونبکەینەوە:

١- جیهانبینی داعش لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەق، مرۆڤ، خودا بونیادنراوە. لە ڕووی ئەنتۆلۆژی (Ontology)ەوە لە دیدی داعشدا تەنها سەرچاوەیەک هەیە کە کۆی ژیانی مرۆڤەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن رێکدەخات ئەویش (قورئان و سونەتە) بە پشت بەستن بە بۆچوونەکانی سەلەف (پێشین). لە ڕووی ئەپستمۆلۆژی (Epistemology)شەوە داعش وای دەبینێت حەقیقەتی ڕەها لەلای ئەوە. هەر کەس و لایەنێک بە پێچەوانەوە ئەوان بیربکاتەوە ئەوا تووشی گومڕابوون بووە (مستەفا، ٢٠١٦).

٢- یەکێک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی رێکخراوی داعش مەزهەبی سوننەیە. بەو پێیەی خۆی بە هەڵقوڵاو و بەرگریکار و زادەی سوننی دەزانێت، بۆیە خۆی وەک فریادرەس و ڕزگارکەری سونە نیشاندا(بازگر، ٢٠١٦، ل ١٠).

٣- یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی داعش توندوتیژییە. ئەم رێکخراوە ئاستی زەبروزەنگ و توندوتیژییەکانی گەیاندە لوتکە، چونکە هێز وەک ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەبینێت. بۆیە چەندین شێوازی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی بەکاردەهێنا (محمد و الماضي و خليل، ٢٠١٨، ص 478).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین داعش رێکخراوێکی تیرۆرستی چەکداری نێودەوڵەتییە، هەڵگری ئایدۆلۆژیای سەلەفی جیهادییە، ئامانجی بونیادنانی خەلافەت و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامییە، لەرێگەی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی.

**(٢-٢) چەمکەکانی پاڕادیپلۆماسی و پرۆتۆدیپلۆماسی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا**

لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر لەو سنوورەی لە دەستوور و یاساکانی عێراق بۆی دیاریکراوە لەکاردایە، بۆیە ئێمە ڕاستەوخۆ چوینە سەر باسی ئەو میتۆدە سیاسییەی کە هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پشتی پێدەبەستێت. مەبەست لە پاڕادیپلۆماسی (Paradiplomacy) دیپلۆماسیەتی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانە. یەکەم پێناسەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاڕادیپلۆماسی لەلایەن توێژەر و ئەکادیمستی کەنەدی پانایۆتس سۆلداتۆس (Panayots Soldatos) کراوە و پێیوایە ئاماژەیە بۆ "ئەو چالاکیە ڕاستەوخۆ نێودەوڵەتیانەی لەلایەن هەر یەک لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانەوە، یەکە فیدراڵییەکان، هەرێمەکان، کۆمەڵگا شارستانییەکان ئەنجام دەدرێت بۆ پشتگیری و تەواوکاری و ڕاستکردنەوە و دووبارەکردنەوەی یاخود تەحداکردنی دیپلۆماسیەتی دەوڵەتە سەربەخۆکان"(علي، 2020، ص 46).

سەبارەت بە پاڕادیپلۆماسی هەرێمی کوردستان نووسەر و ئەکادیمیست ئەلێکس دانیلۆڤیج ( Alex Danilovich) دەڵێت چالاکییە پارادیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان "لە ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتدا جەخت لەسەر شوناسی نەتەوەی دەکاتەوە، نەوەک جیابوونەوە" هەروەها لە ڕوانگەی ئەوەوە هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی تەنها لەپێناو دانپێدانانە لە دەرەوە نەوەک بۆ سەربەخۆیی. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم دەچێتە چوارچێوەی پارادیپلۆماسیەوە ( Danilovich & Abdulrahman, 2017, P51).

هەرچی زاراوەی پرۆتۆدیپلۆماسی (Protodiplomacy)یە قۆناغێکی پێگەیشتووترە لە پاڕادیپلۆماسی بەو پێیەی پرۆتۆدیپلۆماسی ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵ و چالاکییە دەرەکیانەی کە حکومەتە ناناوەندییەکان کەم تا زۆر پەیامێکی جیاخوازی و سەربەخۆیی دەئاخزێنتە نێو ئەو پەیوەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووریانەی کە بەستیووویەتی لەگەڵ دەوڵەتانی بیانیدا (کاکەیی، دیارنیە، ل ٢٦). بە مانایەکی تر ئەو دیپلۆماسیەتەیە کە لەلایەن ئەکتەر نادەوڵەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی ناساندنی شوناسی خۆی و کۆکردنەوەی پشتیوانی بە ئامانجی ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەت. وەک هەوڵەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کیوبک لەکەنەدا لە ١٩٩٥، هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا لە ٢٠١٧ (Balazacq & Charillon & Ramel, 2020, P 51) هەرچەندە بەگوێرەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی پرۆتۆدیپلۆماسی بۆ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان ڕێگەپێدراو نیە بەڵکو دەتوانرێت لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە ڕێگری لێبکرێت (McHugh, 2015, P 7).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ دەچێتە چوارچێوەی پاڕادیپلۆماسی بەڵام بەشێک لە توێژەران پێیانوایە لە هەندێک باردا هەوڵیداوە بۆ پیادەکردنی پرۆتۆدیپلۆماسی بەڵگەی ئەم گریمانەش ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: هەرێمی کوردستان توانیوویەتی لە ڕووی کاری پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە هەنگاوی بەرچاو بنێت، دەتوانین ئەو هەنگاوانەش بۆ چەند ئاستێکی جیاواز پۆڵێن بکەین:

١- دروستکردنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٦. هەروەها کردنەوەی چەندین نوێنەرایەتی لە دەرەوە و لەخۆگرتنی ڕێژەیەکی بەرچاوی نوسینگە و کونسوڵگەری دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

٢- بەستنی چەندین ڕێکەوتنامە لەگەڵ چەندین دەوڵەت و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (بەرزنجی٢٠٢٠، ل ٣٣٠-٣٣٣).

دووەم: هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣ بووە جێگای بایەخی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت لە ڕووی سەردانە فەرمییەکان. تەنیا لە ٢٠١٣ نزیکەی (١٧٥) بەرپرسی باڵای جۆراوجۆری دەوڵەتان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. ئەمە سەرەڕای سەردانی کەسی یەکەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی (Salih & Najmalddin, 2016, P 52). لەلایەکی تریشەوە بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان لە کۆشکی سپی، کۆشکی ئیلیزێ پێشوازیانلێکراوە. هەروەها لە چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتییدا بەشداریان کردووە لەوانە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش لە ئەڵمانیا (بەرزنجی،٢٠٢٠، ل ٣٣٤).

سێیەم: لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی لە پێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆی ئەنجامدا و (٩٢,٧٣%)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە بەڵی دەنگیاندا. ئەمەش هۆکار بوو بۆ لێکترازانی زیاتری پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا (Ababakr, 2020, P 15-16). ئەمە لەکاتێکدا بەشێکی زۆری توێژەران بۆ جیاکردنەوەی پاڕادیپلۆماسی لە پرۆتۆدیپلۆماسی بنەمایەکەیان ئەوەیە سروشتی پەیوەندییەکان لە پرۆتۆدیپلۆماسی لەنێوان هەرێمەکان و حکومەتی ناوەندیدا ململانێیەکی هەمیشەیی زاڵ دەبێت. (Ababakr, 2020, P 4). بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان بە

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەنگاوەکانی بۆ پاڵپشتیکردنی لە دەرەوە هەنگاوی بەرەو پرۆتۆدیپلۆماسی ناوە.

## 3- دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی شەڕی داعش

لەم باسەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینەسەر دیپلۆماسیەت و پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی شەڕی داعشدا. بۆ ئەم مەبەستەش دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

### 1-3 ئاستی هەرێمی

لەم ئاستەدا باس لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا ، ئێران و دەوڵەتانی عەرەبی دەکەین.

**یەکەم: تورکیا**

تورکیا لە سەرەتایی سەرهەڵدانی داعشەوە هەڵوێستی ڕوون نەبوو بەرامبەر بە داعش، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی دەگەڕێتەوە. ئەم هەڵوێستەی تورکیاش تاڕادەیەک هەرێمی کوردستانی نیگەران کرد، بەتایبەت کاتێک داعش لە هەولێر نزیک بووەوە، چونکە یارمەتی سەربازی هەرێمی کوردستانی نەدا، هەروەها ئامادە نەبوو بچێتە نێو هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش (النرنتیسي، ٢٠١٤، ص 4).

سەرەڕای ئەمەش پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکانی نیوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەوە بەهێزتر و گرێدراو تر بوو بە یەکتری کە بەهۆی دەستێوەرنەدانی ڕاستەوخۆی تورکیا لە شەڕی داعش تێکبچێت. بۆیە لەدوای ئازادبوونی بارمتەکانی تورکیا لە دەست داعش و بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی تورکیا هاوکاری داعش دەکات بە چەک، چارەسەرکردنی بریندارەکان، کردنەوەی ڕێگای هاتووچۆ بۆ چەکدارەکان، پەیوەندی بازرگانی هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی فشار لەسەر دەوڵەتی تورکیا دروست بێت بۆ ئەوەی هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش بکات (نوری، ٢٠١٧). لەلایەکی تریشەوە خرابپوونی پەیوەندی نێوان تورکیا و عێراق، هەروەها هەرێمی کوردستان و

حکومەتی فیدراڵی لەسەر پرسی بودجە و شایستە داراییەکان و ناردنی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ بووە هۆی لەیەکتر نزیک بوونەوەی هەردوولا لەیەکتر(محمد، ٢٠١٨). لەم سۆنگەیەشەوە تورکیا لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ ڕێگەی بە هێزی پێشمەرگەدا بۆ ئەوەی بەنێو خاکی تورکیا تێپەڕبن بۆ کۆبانی بە مەبەستی یارمەتیدانی شەڕڤانان بۆ ئەوەی شارەکە لە داگیرکاری داعش بپارێزن. هەروەها تورکیا (١٥٠) سەرباز و (٢٥) تانکی ناردە بەعشیقە وەک نیشاندانی گۆڕانێک لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش و دەستیکرد بە ڕاهێنان و مەشقکردن بە پێشمەرگە (عمر و حیدر، ٢٠٢١، ص 555).

لە ڕووی ئابووریەوە بەهۆی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و دواتریش دەرکەوتنی داعش لە ماوەی نێوان (٢٠١٤-٢٠١٧) پەیوەندی ئابووری لە نێوانیاندا بەهێزتربوو. وەک واژووکردنی ڕێککەوتنامەی پەنجا ساڵی لە ٢٠١٤ بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ بەندەری جەیهان(النعیمي، 2020، ص25)، هەروەها لە ٢٠١٥ قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان گەیشتە(٨,٥) ملیار دۆلار (Ustun & Dudden, 2017, P10).

لە ڕووی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسیشەوە لەماوەی شەڕی داعشدا چەندین دیدار لە نێوان هەردوولادا هەبووە لە گرنگترینیان ئەمانەن (سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢):

خشتەی ژمارە(١) سەردانی شاندە دیپلۆماسییەکانی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٤-٢٠١٧)

| ژ | سەرۆکی شاند | بەرپرسیارەتی | ڕێکەوت | مەبەستی سەردان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەحمەد داود ئۆغلۆ | وەزیری دەرەوە | ٢٠١٤ /١١/٣١ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی هەولێر و بەغدا |
| ٢ | عیسمەت یەلماز | وەزیری بەرگری | ٢٠١٥ /٣/٥ | شەڕی داعش، کێشەکانی هەولێر و بەغدا |
| ٣ | فەریدون سینیرلی ئۆغلۆ | وەزیری دەرەوە | ٢٠١٥ /١١/٢ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی هەولێر و بەغدا |
| ٤ | بینالی یەلدرم | سەرۆک وەزیران | ٢٠١٧/١/٨ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی هەولێر و بەغدا |
| ٥ | مولود چاویش ئۆغلۆ | وەزیری دەرەوە | ئابی ٢٠١٧ | شەڕی داعش ، پرسی ریفراندۆم |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (٢) سەردانی شاندە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا (٢٠١٤-٢٠١٧)

| ژ | سەرۆکی شاند | بەرپرسیارەتی | ڕێکەوت | مەبەستی سەردان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێچیرڤان بارزانی | سەرۆک وەزیران | ٢٠١٤ /٩/٢٩ | بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری لە ئیستەمبۆل |
| ٢ | نێچیرڤان بارزانی | سەرۆک وەزیران | ٢٠١٤ /١٢/١٩ | شەڕی داعش، پەیوەندی ئابووری |
| ٣ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ٢٠١٥ /١/٩ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، پەیوەندی ئابووری، پشتگیری پێشمەرگە |
| ٤ | نێچیرڤان بارزانی | سەرۆک وەزیران | ٢٠١٥ /١/٢٦ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، پەیوەندی ئابووری، پشتگیری پێشمەرگە |
| ٥ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ٢٠١٦ /٨/٢٣ | شەڕی داعش، پتەوکردنی پەیوەندی ئابووری |
| ٦ | نێچیرڤان بارزانی | سەرۆک وەزیران | ٢٠١٦ /١١/٢٣ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، پەیوەندی ئابووری |
| ٧ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ٢٠١٧ /٢/٢٦ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، پەیوەندی ئابووری |
| ٨ | نێچیرڤان بارزانی | سەرۆک وەزیران | ٢٠١٧ /٤/٢٨ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، پتەوکردنی پەیوەندی ئابووری |

هەموو ئەوانەی سەرەوە دەرخەری ئەوەیە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەردوولا هەبووە لە ماوەی شەڕی داعشدا، چونکە هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی داعشەوە تووشی قەیرانێکی دارایی سەخت بووەوە ، هەروەها تورکیا دەرچەی هەرێمی کوردستانە بۆ دەرەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین شەڕی داعش و لێکەوتەکانی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ لێکنزیکبوونەوە و هاوکاری زیاتری نێوان هەردوولا.

**دووەم: ئێران**

هەر لەگەڵ نزیبوونەوەی داعش لە هەولێر بەر لە هەر دەوڵەتێک ئێران هاوکاری هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ڕێگریکردن لە داعش. هەروەک سەرۆک وەزیرانی پێشووی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) دەڵێت "لە ماوەی قۆناغی یەکەمدا، کاتێک داعش هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان ئێران یەکەمین دەوڵەت بوو کە هاوکارمان بوو". هەروەها لە پرۆسەی ئازادکردنی هەردوو ناوچەی سەعدیە و جەلەولا ڕاستەوخۆ ئێران یارمەتی پێشمەرگەیدا (Mustafa, 2016, P5). یارمەتییەکانی ئێرانیش بۆ هەرێمی کوردستان بە پێشکەشکردنی چەکی سوک و مامناوەند و ناردنی ڕاوێژکاری سەربازی بووە بۆ ئەوەی یارمەتی هێزی پێشمەرگە بدات لە شەڕی داعش (مولود، ٢٠٢٢).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی ئابووری. پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی فراوان لە نێوانیاندا هەبووە، لە ٢٠١٤دا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان گەیشتە (٤) ملیار دۆلار (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ل ٣٢١).

لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیشەوە پەیوەندییەکانی هەردوولا باش بووە. وەک دەردەکەوێت لە سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران (محمد جەواد زەریف) لە ٢٨ی ئابی ٢٠١٤ بۆ هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی تاوتوێکردنی شەڕی داعش و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و پرسی ئاوارەکان. هەروەها (نێچیرڤان بارزانی) لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ سەردانی تارانی کرد. بەمەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی میونشن کە لە تاران بەڕێوەچوو. بە مەبەستی کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ هێزی پێشمەرگە لە شەڕی داعش (سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢). بەگشتی لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران پەیوەندییەکی بەهێز بوو وەک هاوپەیمان لە دژی داعش لەیەکتریان ڕوانیووە، چونکە ئێران وەکو یەکەم بازنەی ئەمنی خۆی لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێ.

**سێیەم: دەوڵەتانی عەرەبی**

سوریا بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی و سەرهەڵدانی داعشەوە بەشێکی خاکەکەی لەژێر دەسەڵاتی گروپە توندڕەوەکانی وەک داعش و بەرەی نوسرە دابوو. هەروەها بەشێکی کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (الحميري، 2021، ص 177). لەبەر ئەوەی ڕژێمی سوریا سنووری نەما لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەدوای بەهاری عەرەبییەوە، بۆیە هەرێم لەم سنوورەدا بەتایبەتیش لەدوای شەڕی داعش لەگەڵ دەسەڵاتی دیفاکتۆیی ڕۆژئاوای کوردستان لە پەیوەندیدابوو، بۆیە کاتێک داعش هێرشی چڕی کردە سەر کۆبانی، هەرێمی کوردستان (١٥٠) پێشمەرگەی لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ بۆ پشتیوانیکردنی شەرڤانان ناردە کۆبانێ (ئەحمەد، ٢٠٢١، ل ٨٦٥-٨٧٠).

ئوردەن هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای هەبوو لە بەرامبەر داعش. بەو پێیەی (مەلیک عەبدوڵای دووەم) وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە دەیڕوانیە داعش و پێداگر بوو لەسەر ئەوەی دەبێت بە توندی وەڵامی داعش بدرێتەوە، بۆیە ئوردەن بووە بەشێک لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش (فلیپس، دیارنیە، ل ٤٢٩). لەم ڕوانگەیەوە هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئوردەن هەبووە لە ماوەی شەڕی داعشدا و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢١ی ئایاری ٢٠١٥ سەردانی ئوردەنی

کرد، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری. هەروەها ئوردەن هاوکاری هەرێمی کوردستانی کردووە لە ڕووبەڕووبونەوەی داعش بە تایبەت لە ڕووی هەواڵگری و تەندروستی (حمد، 2021).

دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لە ئەنجامی پێشڕەوییەکانی داعش و نزیکبوونەوەی لە سنووری ئوردەن هەستیان بە گەورەیی هەڕەشەکە کرد. بەتایبەت پاش پاشەکشەکردنی مصر لە گۆڕەپانی عەرەبی بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کێشە ناوخۆییەکانی، هەروەها ئەو ڕەخنانەی لە دەوڵەتانی کەنداو دەگیرا بە پاڵپشتیکردنی دارایی داعش بەتایبەت دوای دەستگیرکردنی یەکێک لە جێگرەکانی ئەبو بەکر بەغدادی کە دانی بەوەدانا قەتەر بڕی (120) ملیۆن دۆلار، سعودیا (50) ملیۆن دۆلار، ئیماڕات (35) ملیۆن دۆلار، بەحرین (12) ملیۆن دۆلار، کوەیت (1,8) ملیۆن دۆلاریان وەک هاوکاری لەڕێگەی بازرگانەکانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەخشیووەتە ڕێکخراوەکە (مەنتک، ٢٠٢٠، ل ٥٠). لەم سۆنگەیەوە دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو لەگەڵ ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش بڕیاریاندا پابەندبن بە وەستانەوە لە دژی داعش، بۆیە یەکێک لە کۆبوونەوە گەورەکانی دامەزراندنی هاوپەیمانی دژی داعش لە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ لە شاری جەددە لە سعودیا بەڕێوەچوو(عەلی، ٢٠١٦، ل ١١١).

بەشداری دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش زیاتر بوو دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لەگەڵ دیمەشق و بەغدا لەلایەک، هەروەها زیادبوونی هەژموونی ئێران بەهۆی دامەزراندنی حەشدی شەعبی و دەستێوەردانەکانی سوپای قودس لە دەوڵەتانی عەرەبی لەلایەکی ترەوە. هەموو ئەوانە بووە هۆی ئەوەی وێستگەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بەتایبەت سعودیا دەستپێبکات (عەلی، ٢٠١٦، ل ١١٢). سعودیا لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ بڕیاریدا (٥٠٠) ملیۆن دۆلار پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ هاریکاریکردنی مرۆیی ئاوارەکانی شەڕی داعش لە عێراق کە بەشی زۆریان لە هەرێمی کوردستان بوون (عمر و حیدر، 2020، ص 555)

گرێدراو بە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ سەردانێکی بۆ دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی دەستپێکرد لە یەکەم وێستگەیدا سەردانی ئیماراتی کرد و لە شاری ئەبو زەبی لەلایەن شیخ محمد بن زاید ئەل نیهان جێنشینی ئەبو زەبی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشوازیلێکرا و لە دیدارەکەدا باس لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و چۆنیەتی ڕیشەکێشکردنی تیرۆر لە ناوچەکە کرا. لە دوای ئەم سەردانە ئیمارات هاوکاری ئاوارەکانی کرد لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان(فلیپس، دیارنیە، ل ٤٢٧-٤٢٨). لە درێژەی سەردانەکەدا سەرۆکی هەرێم لە ١ی کانوونی دووەم گەیشتە سعودیا و لەگەڵ شا سەلمان و جێنشینی یەکەم و بەشێک لە بەرپرسە باڵاکان کۆبووەوە. سعودیا پشتگیری فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کرد و پشتیوانی خۆشی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر دەربڕی (الحريري، 2017، ص 182). بۆیە لەدوای ئەم سەردانانە جگە لە ئیمارات کە لە ٢٠١٢ کونسوڵگەری کردبووەوە هەر یەکە لە سعودیا، کوەیت، لە ساڵانی دواتریش قەتەر کونسوڵگەری خۆیان لە هەولێر کردەوە (إبيش، 2017).

لەماوەی شەڕی داعشدا چەندین شاند لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبی و هەرێمی کوردستان هاتووچۆیان کردووە لەسەر پرسی شەڕی داعش، پشتیوانی پێشمەرگە، ئاوارەکان گرنگترینیان ئەمانەن (سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢):

خشتەی ژمارە (٣) سەردانی شاندەکانی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ هەرێمی کوردستان لەنێوان(٢٠١٤-٢٠١٧)

| ژ | سەرۆکی شاند | بەرپرسیارەتی | دەوڵەت | ڕێکەوت | مەبەستی سەردان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جوبران باسیل | وەزیری دەرەوە | لوبنان | ٢٠١٤/٨/١٨ | شەڕی داعش، پتەوکردنی پەیوەندییەکان |
| ٢ | خالد بن محمد | وەزیری دەرەوە | قەتەر | ٢٠١٥/٧/٢٠ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ٣ | ئەحمەد ئەبو خەیت | ئەمینداری گشتی | کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی | ٢٠١٧/٩/٩ | ریفراندۆم |
| ٤ | تامر ئالسبهان | باڵوێزی سعودیا لە عێراق | سعودیا | ٢٠١٧/٩/١٧ | ریفراندۆم |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (٤) سەردانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ دەوڵەتانی عەرەبی لەنێوان (٢٠١٤-٢٠١٧)

| ژ | سەرۆکی شاند | بەرپرسیارەتی | دەوڵەت | ڕێکەوت | مەبەستی سەردان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نێچیرڤان بارزانی | سەرۆک وەزیران | ئیمارات | ٢٠١٥/٢/٩ | بەشداریکردن لە لوتکەی حکومی ئیمارات |
| ٢ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە | کوێت | ٢٠١٥/٣/٣١ | بەشداریکردن لە سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دەوڵەتانی کۆمەک بەخش بە ئاوارەکانی سوریا |
| ٣ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ئوردەن | ٢٠١٥/٥/٢١ | کۆڕبەندی ئابووری جیهانی |
| ٤ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ئیمارات | ٢٠١٥/٦/١٥ | شەڕی داعش، پشتیوانی پێشمەرگە، ئاوارەکان |
| ٥ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ئیمارات | ٢٠١٥/١١/٢٩ | پەیوەندی ئابووری، شەڕی داعش، پشتیوانی پێشمەرگە، ئاوارەکان |
| ٦ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | سعودیا | ٢٠١٥/١١/٣٠ | پەیوەندی ئابووری، شەڕی داعش، پشتیوانی پێشمەرگە، ئاوارەکان |
| ٧ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ئوردەن | ٢٠١٥/٥/٢٠ | بەشداریکردن لە کۆڕبەندی جیهانی دەریای مردوو |
| ٨ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ئیمارات | ٢٠١٦/١١/٢٧ | پەیوەندی ئابووری، شەڕی داعش، پشتیوانی پێشمەرگە، ئاوارەکان |

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین شەڕی داعش کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیوەنییەکانی هەرێمی کوردستان دەوڵەتانی عەرەبی هەبووە.

### 2-3 ئاستی نێودەوڵەتی

لەم تەوەرەدا، باسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لە یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەوروپی، روسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەین.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکەم: یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەوروپی**

لەدوای هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال یەکێتی ئەوروپا لە بەیانامەیەکدا نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی عێراق و بە توندترین شێوە سەرکۆنەی ئەو هێرشانەی کرد کە لەلایەن داعشەوە ئەنجامدراون. هەروەها لە ١٥ی ئابی ٢٠١٤ شدا وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا کۆبوونەوە لەسەر پرسی پشتگیریکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان. هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوون بە گەیشتن بە کۆ بڕیارێک بۆ یارمەتیدانی سەربازی و پێدانی چەک بە پێشمەرگە، بەڵام هەر دەوڵەتێک سەر پشک کرا بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە بە ڕەزامەندی حکومەتی عێراق (Seidenader, 2016/2017, P 6).

سەرهەڵدانی داعش بووە سەرەتایەک بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا و هەرێمی کوردستان. لە ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ (مەسرور بارزانی) ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان سەردانی بارەگای یەکێتی ئەوروپای کرد  و لە بەردەم پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپادا داوای پڕچەککردنی هەرێمی کوردستانی کرد بە چەکی قورس، جەختیشیکردەوە لەوەی داعش مەترسییە بۆ سەر هەموو جیهان. لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ شدا فیدریکا مۆگرینی (Federica Mogherini) نێردەی باڵای ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا سەردانی هەولێری کرد و پشتیوانی یەکێتی ئەوروپای بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردردەوە (نەجار، ٢٠٢١، ل ٤٤٢-٤٤٦).

لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئەوروپیش، فەرەنسا لە بواری نێودەوڵەتی بە گەورەترین دەوڵەتی عەلمانی دژ بە بیروباوەڕی توندڕەوی ئایینی دادەنرێت، بۆیە سەرپەرشتی چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ لێدانی ئەمە کردووە. هەر ئەمەش وایکرد دەستپێشخەری بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش بکات. بەشێوەیەکی فەرمیش بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستانی بانگێشتی فەرەنسا بکات بۆ ئەوەی هاوبەشی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش بن. ئەمەش دەرخەی ئەوەیە فەرەنسا هەمیشە وەک ئەکتەرێکی بەهێزی ناوچەکە لە هەرێمی کوردستانی ڕوانیووە(سادق، ٢٠٢١). سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێوان (٢٠١٢-٢٠١٧) سێجار چاوی بە سەرۆکی فەرەنسا فرانسۆ هۆلاند (François Hollande) کەوتووە، تەنانەت کاتێک داعش هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان لە ١٢ی ئەیلولی ٢٠١٤ سەرۆکی فەرەنسا وەک یەکەمین سەرۆکی دەوڵەتی ئەوروپی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردانی هەولێری کرد، لە ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧دا جارێکی تر سەردانی هەولێری کردەوە. هەر لە چوارچێوەی ئەو دیدار و سەردانەکاندا ژان ئیڤ لۆردیان (Jean-Yves Le Drian) وەک وەزیری بەرگری و دەرەوەی فەرەنسا هەشت جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە(نوچەنێت، ٢٠٢١).

بەریتانیا وەک یەکێک لە دەوڵەتە هەرە گرنگەکانی ئەوروپا چووە نێو هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش بە پاڵپشتیکردنی هێزی ئاسمانی، هاوکاری مرۆیی و تەندروستی، ناردنی ڕاوێژکاری سەربازی و ڕاهێنان بە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە. لە ٩ی ئەیلولی ٢٠١٤ فلیپ هامۆند ( Philip Hammond) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی کوردەکانی کوردستان کلیلی بەرەنگاربوونەوەی داعشن ( Bayan Center, 2015, P 15). لە ماوەی شەڕی داعشیشدا هەر یەک لە (فەلاح مستەفا) سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و (قوباد تاڵەبانی) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەریتانیایان کرد. لەبەرامبەریشدا چەندینجار وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری و بەرپرسانی باڵای تری بەریتانیا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە (سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢).

ئیتاڵیا وەک دەوڵەتێکی گرنگی ئەوروپی هەر لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی گەورە بەشداریکرد لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش. ئیتاڵیا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە ڕووی سەربازییەوە لە ٢٠١٤ بە دواوە ئەویش بە پێدانی چەک و تەقەمەنی، مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگە بە چەکی پێشکەوتوو بە مەبەستی پتەوکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش. بە ئاستێک دووەمین هێزی هاوپەیمانان بووە لە هەرێمی کوردستان لەدوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ساڵح ئاغا، ٢٠٢٢). پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا لە ماوەی شەڕی داعشدا پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز بووە. هەر یەک لە سەرۆک وەزیران و سەرۆک هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ سەردانی ئیتاڵیا و ڤاتیکانیان کرد. لە بەرامبەریشدا چەندین وەفدی باڵای ئیتاڵیا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە لە نێویاندا وەزیری دەرەوە، وەزیری بەرگری، سەرۆکی ئەرکانی سوپا، جێگری وەزیری دەرەوە(سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢).

هەروەها ئەڵمانیا لە دوای هێرشکردنە سەر شەنگال بڕیاریدا بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری بکات لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی گرێدراو بوو بە زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان چونکە ئەمە ڕەنگدانەوەی دەبوو لەسەر زیادبوونی ژمارەی پەنابەران بۆ ئەوروپا. هەروەها ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی ئەڵمانی چووبوونە ریزی رێکخراوەکە. ئەڵمانیا بڕیاریدا پشتیوانی هەرێمی کوردستان بکات بە ناردنی (١٥٠) ڕاوێژکاری سەربازی بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگە، پشتیوانیکردنی ئاسمانی پێشمەرگە، پێدانی چەک و تەقەمەنی لەوانە لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٤ بە هەزاران پارچە چەکی سوک و مامناوەند و قورسی پێشکەش بەهێزی پێشمەرگە کرد لەنێویاندا چەکی دژە تانک بە ناوی میلان (MILAN)، کە بووە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی شەڕ لە بەرژەوەندی پێشمەرگە (Al-Mawlawi, 2018, P 5). هەروەها شەڕی داعش هۆکار بوو بۆ پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا بەجۆرێک لە ماوەی شەڕی داعشدا چەندینجار وەزیری بەرگری، جێگری ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و چەندین بەرپرسی باڵای تر سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. لە بەرامبەریشدا سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ٢٠١٤ دووجار و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئاسایشی میونشن،(سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین کاریگەری شەڕی داعش لەسەر پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان و یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەوروپی لەم خشتەی خوارەوە زیاتر ڕوونبکەینەوە (سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢):

خشتەی ژمارە (٥) ژمارەی سەردانی دوولایەنەی شاندەکانی ئەوروپی و هەرێمی کوردستان(٢٠١٤-٢٠١٧)

| ژ | دەوڵەت | ژمارەی سەردان | ژمارەی سەردانی هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتی ئەوروپا | ٧ شاند | ٢ شاند |
| ٢ | فەرەنسا | ٩ شاند | ٣ شاند |
| ٣ | بەریتانیا | ٨ شاند | ٣ شاند |
| ٤ | ئیتالیا | ٩ شاند | ٢ شاند |
| ٥ | ئەڵمانیا | ٧ شاند | ٦ شاند |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەڕای ئەم دەوڵەتانە شەڕی داعش هۆکار بوو بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ چەندین دەوڵەتی تری ئەوروپی یاخود گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک بەلجیکا، کرۆاتیا، هۆڵەندا، لۆکسمبۆرگ، سوید، نەرویج و چەند دەوڵەتێکی تر.

**دووەم: روسیا**

روسیا هەر لە سەرەتای قەیرانی سوریا لە ٢٠١١، بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی و پارێزگاری لە مانەوەی ڕژێمی ئەسەد کرد، بۆیە بە هەموو شێوەیەک کاری دەکرد بۆ لەناوبردنی داعش. بەکورتی دەتوانین چەند پاڵنەرێک دیاریبکەین بۆ دژایەتیکردنی روسیا بۆ داعش لەوانە، چوونی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی روسی و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست بۆ ڕیزی ڕێکخراوەکە، پارێزگاریکردن لە ڕژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی وەک ئێران و سڕینەوەی ئەو ڕوانگە نەرێنییەی دوای داگیرکردنی دورگەی کریمیا بەرامبەر بە روسیا دروست ببوو(گاژار، ٢٠١٧، ل ٨٤-٨٦). لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا، روسیا لە شەڕی داعشدا یارمەتی و هاوکاری پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردووە بە چەکی سووک و مامناوەند (مستەفا، ٢٠٢٢). کونسوڵی روسیا (ئارتەم ریگۆریان) لە هەولێر لە ١٦ی ئازاری ٢٠١٦ ڕایگەیاند پێنجەم وەجبەی هاوکاری سەربازی روسیا گەیشتە هەرێمی کوردستان. (گاژار، ٢٠١٧، ل ٩١).

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەرەو بەهێز بوون چوون لەماوەی شەڕی داعشدا. نوێنەری تایبەتی پۆتین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (میخایل بوگاندۆف) لە کانوونی دووەمی ٢٠١٥ سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆک وەزیرانی پێشووی هەرێمی کوردستان دەربارەی چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی داعش، هاوکاریکردنی پێشمەرگە، پرسی وزە کۆبووەوە. لە بەرامبەریشدا (نێچیرڤان بارزانی) لە حوزەیرانی ٢٠١٦ سەردانی روسیای کرد بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی. لە پەراوێزی کۆربەندەکەدا چاوی بە هەر یەک لە سێرگی لاڤرۆڤ(Sergey Lavrov) وەزیری دەرەوە و وەزیری وزەی روسی (ئەلیکساندەر نۆفاک) کەوت. کە ئەم سەردانە بووە بنەمایەک بۆ گرێبەستی نێوان روزنەفت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان(خضیر، ٢٠١٩، ص 409-410).

لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، بڕینی بودجە، شەڕی داعش دووچاری قەیرانی دارایی سەخت ببووەوە بۆیە (نێچیرڤان بارزانی) لە ئایاری ٢٠١٧ سەردانی روسیای کرد و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ کۆمپانیای روزنەفت (Rosneft) ی روسی گرێبەستێکی ئەنجامدا بۆ گەشەپێدانی توانای گازی سروشتی و گواستنەوەی لەڕێگەی بۆڕیەوە بۆ تورکیا لەوێشەوە بۆ ئەوروپا ( Borshchevskaya & Wahab, 2015)، هەروەها بە گوێرەی ڕیکەوتنەکە کۆمپانیاکە (٣,٥) ملیار دۆلاری پێشەکی دەدات بە هەرێمی کوردستان کە برێکی وەک قەرز بەبێ زیادە خستنەسەر دەبێت، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ سووکردنی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان(Foy, 2018).

هەموو ئەوانەی سەرەوە دەرخەری ئەوەیە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و روسیا بەهۆی شەڕی داعشەوە بەهێزبووە و زیاتر لە یەکتری نزیکبوونەتەوە لە چەندین بواری جیاوازدا.

## سێیەم: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

شەڕی داعش بووە وێستگە و قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان. سەرەڕای ئەوەی داعش بەشێک لە خاکی سوریا و عێراقی داگیر کرد، بەڵام ئیدارەی ئۆباما پەلەیان نەکرد لە بەکارهێنانی هێز دژی داعش تاوەکو داعش ئاراستەی هێرشەکانی بەرەو هەرێم وەرگێڕا و نزیک بووەوە لە هەولێر. لێرەوە ئۆباما لە بەیاننامەیەکدا گوتی "هەولێر هێڵی سوورە و ئێمە ڕێگەنادەین داعش لە هەولێر نزیک ببێتەوە". دەستێوەردانی بەپەلەی ئەمریکاش دەگەڕایەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، لەلایەک هاتنی داعش مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەقامگیری ناوچەکە و عێراق دروست دەکرد تا ئاستێک کە ئەوەی ئەمریکییەکان لە ٢٠٠٣ ەوە لە عێراق بونیادیان نابوو خەریک بوو لە ماوەیەکی کەمدا لە دەست بچێت (ئەحمەد، ٢٠٢٢، ل ١٩٤)، لەلایەکی تریشەوە ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای زەبەلاحی ئەمریکی لە سەرووی هەموویانەوە ئیکسۆن مۆبیل(ExxonMobil) لە هەرێمی کوردستان کاریاندەکرد، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی سیاسەتوانە ئەمریکییەکان لە حزبی دیموکرات و کۆمارییەکان وەک هاوپەیمان و دۆست لە هەرێمی کوردستان دەڕوانن ( Yatiban & Stoni, 2018, P 1003).

لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاگەیەنرا و هەرێمی کوردستانیش بووە بەشێک لە هاوپەیمانەتیەکە. چونکە ستراتیژیەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕووبەڕووبونەوەی داعش خۆیدەبینیەوە لە پشتیوانیکردن

و هاوپەیمانیکردنی هێزە لۆکاڵیەکان کە دەتوانن لە سەر زەوی داعش تێکدەبشکێنن. لەم نێوەندەشدا پێشمەرگە هێزێکی گرنگ و سەرەکی بوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، لەسەر ئەم بابەتە سەرۆکی پێشووی ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە ریچارد نەیسن هاس ( Richard Nathan Haass) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە تەنها هێزێک بتوانێت لەسەر زەوی بکرێتە هاوپەیمانی سەرەکی و پشتی پێببەسترێت هێزی پێشمەرگەی کوردستانە (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ل ١٣٥). لەم سۆنگەیەوە ئەمریکا دەستی کرد بە پشتیوانی ئاسمانی، مەشق وڕاهێنان، پێدانی چەک بە پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ( Yatiban & Stoni, 2019, P 312).

پەیوەندی نێوان هەردوولا لەم قۆناغەدا گەیشتە ئاستێک بەشێک لە توێژەران و سیاسییە کوردییەکان پێیانوابوو هاوپەیمانی نێوان هەردوولا گەیشتووەتە ئاستی ستراتیژی. هۆکاری ئەم نزیکبوونەوەی ئەمریکاش لە هەرێمی کوردستان دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئەمریکییەکان دەیانزانی کە هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەیەکی سەقامگیرە کە ئەوان هەژموونی زۆریان تیادا هەیە و سیاسییەکانیشیان خۆیان بە دۆستی ئەمریکا دەزانن بەپێچەوانەی سیاسییە شیعیەکان کە دۆستی ئێرانن (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ل ١٩٤). بۆیە لە ئایاری ٢٠١٥ سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی واشنتۆنی کرد و لە کۆشکی سپی پێشوازی لێکرا. ئەم سەردانە وەک ڕێزگرتن بوو لە یارمەتی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان لە شەڕی داعش (هاڵو، ٢٠١٦، ل ٧٤).

لە دوای سەردانەکە ئەلیستەر باسکی (Alistair Baskey) گوتەبێژی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا گووتی "پەیوەندییەکان زۆر بەهێزن لە ڕووی فەرمی و لەسەر ئاستی گەل، ئێمە دوو هاوپەیمانی سروشتی یەکترین لە شەڕی دژی داعش" (محمد، ٢٠١٥، ل ١٠٥). هەر ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی لە ١٦ی تەموزی ٢٠١٦ ئەمریکا یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بواری سەربازی واژوو بکات بە مەبەستی بە دامەزراوەییکردن، چاکسازی و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە. لێکتێگەیشتنەکە بووە دەرخەری سەرکەوتنی دیپلۆماسیەتی ئەکتەرێکی نادەوڵەتی وەک هەرێمی کوردستان (سەروەر، ٢٠٢٠، ل ١٣٨). لەسەر ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانیش هەریەکە لە (جۆزێف بایدن) جێگری ئەوکاتی سەرۆک، (جۆن کێری) وەزیری پێشووی دەرەوە، (ئاشتون کارتەر) وەزیری بەرگری و چەندین بەرپرسی باڵای تر بە بەردەوامی لە هاتووچۆی هەرێمی کوردستان دابوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم شێوەیە لەماوەی شەڕی داعشدا پەیوەندییەکانی هەردوولا زۆر بەهێز بوون (عبدالرحمن، ٢٠٢٢)، کە دەتوانین لەم دوو خشتەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە (سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢):

خشتەی ژمارە (٦) سەردانی شاندە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان (٢٠١٤-٢٠١٧)

| ژ | سەرۆکی شاند | بەرپرسیارەتی | ڕێکەوت | مەبەستی سەردان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | جۆن کێری | وەزیری دەرەوە | ٢٠١٤/٦/٢٤ | داعش، کێشەی هەولێر و بەغدا |
| ٢ | برێت مەکگۆرک | نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش | ٢٠١٤/٧/١٠ | شەڕی داعش |
| ٣ | کارل لێڤین | سیناتۆر | ٢٠١٤/٩/٣ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ٤ | رایمۆند ئۆدێرنۆ | سەرۆکی ئەرکان | ٢٠١٤/١١/٢٥ | شەڕی داعش |
| ٥ | جۆن مەککەین | ئەندامی ئەنجوومەنی پیران | ٢٠١/١٢/٢٧ ٤ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەی هەولێر و بەغدا |
| ٦ | جۆزێف ڤۆتێل | فەرماندەی فەرماندەی ناوەندی ئەمریکا | ٢٠١٥/٢/١٥ | شەڕی داعش |
| ٧ | ئاشتن کارتەر | وەزیری بەرگری | ٢٠١٥/٧/٢٧ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ٨ | برێت مەکگۆرک | ن.ت.س.ئ.ە.ن.د.د | ٢٠١٥/٨/١١ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ٩ | برێت مەکگۆرک | ن.ت.س.ئ.ە.ن.د.د | ٢٠١٥/٨/١١ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ١٠ | کرستین وۆرموس | بریکاری وەزیری بەرگری بۆ سیاسەت | ٢٠١٥/١١/٥ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ١١ | ئاشتن کارتەر | وەزیری بەرگری | ٢٠١٥/١٢/١٧ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ١٢ | جەنەڕاڵ لۆید ئۆستن | فەرماندەی فەرماندەی ناوەندی ئەمریکا | ٢٠١٦/٢/٢٦ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ١٣ | برێت مەکگۆرک | ن.ت.س.ئ.ە.ن.د.د | ٢٠١٦/٣/٢٠ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ١٤ | برێت مەکگۆرک | ن.ت.س.ئ.ە.ن.د.د | ٢٠١٦/٤/٣ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ئید رۆیس | ف.ف.ناوەندی ئەمریکا | ٢٠١٦/٤/٥ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ١٦ | جۆ بایدن | جێگری سەرۆک | ٢٠١٦/٤/٢٩ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ١٧ | تۆنی بلینکین + برێت مەکگۆرک | جێگری وەزیری دەرەوە+ ن.ت.س.ئ.ه.ن.د.د | ٢٠١٦/٩/١٥ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ١٨ | ئاشتن کارتەر | وەزیری بەرگری | ٢٠١٦/١٢/١١ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ١٩ | سیناتۆر رۆبیرت کۆرکەر | سیناتۆر | ٢٠١٧/٢/٢٠ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ٢٠ | جۆزێف ڤۆتێل | ف.ف.ناوەندی ئەمریکا | ٢٠١٧/٦/٦ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا |
| ٢١ | جۆزێف ڤۆتێل | ف.ف.ناوەندی ئەمریکا | ٢٠١٧/٨/١٧ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، ڕیفراندۆم |
| ٢٢ | جەیمس ماتیوس | وەزیری بەرگری | ٢٠١٧/٨/٢٢ | ڕیفراندۆم |
| ٢٣ | برێت مەکگۆرک | ن.ت.س.ئ.ه.ن.د.د | ٢٠١٧/٩/١٣ | ڕیفراندۆم |

خشتەی ژمارە (٧) سەردانی شاندی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا (٢٠١٤-٢٠١٧)

| ژ | سەرۆکی شاند | بەرپرسیارەتی | ڕێکەوت | مەبەستی سەردان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی ف.پ.د | ٢٠١٤/٩/١٨ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ٢ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی ف.پ.د | ٢٠١٤/١١/٧ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ٣ | فواد حسین | سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم | ٢٠١٤/١١/٢٠ | شەڕی داعش، پشتیوانیکردنی پێشمەرگە |
| ٤ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی ف.پ.د | ٢٠١٤/١٢/١٢ | شەڕی داعش، ئاوارەکان |
| ٥ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی ف.پ.د | ٢٠١٥/١/١٧ | شەڕی داعش، پشتیوانیکردنی پێشمەرگە |
| ٦ | مسعود بارزانی | سەرۆکی هەرێم | ٢٠١٥/٥/٢ | شەڕی داعش، پشتیوانیکردنی پێشمەرگە |
| ٧ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی ف.پ.د | ٢٠١٥/٨/٣ | شەڕی داعش، پشتیوانیکردنی پێشمەرگە |
| ٨ | فواد حسین | سەرۆکی.د.س.ه | ٢٠١٦/١/١٩ | شەڕی داعش، پتەوکردنی پەیوەندییەکان |
| ٩ | قوباد تالەبانی | جێگری سەرۆک. وەزیران | ٢٠١٦/٤/١٨ | شەڕی داعش، ئاوارەکان، پتەوکردنی پەیوەندییەکان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی ف.پ.د | ٢٠١٧/٩/١٩ | شەڕی داعش، ریفراندۆم |
| ١١ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی ف.پ.د | ٢٠١٧/١١/١٤ | ریفراندۆم، کێشەکانی هەولێر و بەغدا |
| ١٢ | فەلاح مستەفا | سەرۆکی ف.پ.د | ٢٠١٧/١١/٢٠ | بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئاسایشی نێودەوڵەتی هایفاکس |

ئەم خشتانەی سەرەوە دەرەخەری ئەوەیە شەڕی داعش کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوولا هەبووە. بەو پێیەی سەردانەکان ژمارە و شاندەکان لە ئاستێکی بەرزدان.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەتوانیین بڵێین شەڕی داعش کاریگەری بەهێزی لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوە و پاڕادیپلۆماسی هەرێمی کوردستان هەبووە بۆ سەلماندی ئەمەش ئەم خشتەی خوارەوە دەخەینەڕوو(سەردانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ٢٠٢٢):

خشتەی ژمارە (٨) ژمارەی شاندەکانی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان (٢٠١٣-٢٠١٦)

| ساڵ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی سەردانی وەفدی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان | ١٧٥ | ٣٤٤ | ٢١٣ | ٢٢٠ |

## 4- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١- داعش ڕێکخراوێکی تیرۆرستی چەکداری نێودەوڵەتییە، هەڵگری ئایدۆلۆژیای سەلەفی جیهادیە، ئامانجی بونیادنانی خەلافەت و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامییە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی.

٢- پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەدوای ٢٠٠٣ دەچێتە چوارچێوەی پاڕادیپلۆماسی، هەرچەندە هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ پرۆتۆدیپلۆماسی بەتایبەت لە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ئەیلولی ٢٠١٧.

٣- پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتاندا بەر لە سەرهەڵدانی داعش ڕەهەندی ئابووری بەسەردا زاڵ بوو، بەڵام لەدوای دروستبوونی داعش ڕەهەندی پەیوەندییەکان هەڵکشا بۆ پەیوەندی ئەمنی و سیاسی. کە ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ پاراستن و مانەوەی هەرێمی کوردستان.

٤- هەرچەندە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی جەنگێکی سەخت و زیانی گیانی و ماددی زۆر بووەوە، بەڵام لێکەوتەکانی شەڕی داعش لەسەر دیپلۆماسیەت و پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەرێنی بوون، چونکە بووە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کارلێکی زیاتر لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکات وەکو توێژینەوەکە بە بەڵگە و داتا و زانیاری جیاوازییەکانی خستۆتەڕوو وەک ئەوەی ژمارەی شاندی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٣ (١٧٥) بووە بەڵام لە ٢٠١٤ بەرزدەبێتەوە بۆ (٣٤٤) شاند. هەروەها لەسەر ئاستی باڵادا وەفدەکان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن وەک هاتنی سەرۆکی فەرەنسا و بەهەمان شێوەش پێشوازی لە شاندی هەرێم کراوە لە ئاستی لوکە لە کۆشکی سپی و ئیلیزێ لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتانەوە.

٥- سەرهەڵدانی داعش بووە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە بەشێک لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش. بەمەش پێشمەرگە بووە هاوبەشێکی سەرەکی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر.

## سەرچاوە:

### یەکەم: کوردی

١- کتێب


1. بازگر، ئەنوەر حسێن(٢٠١٦) ، داعش و میلیشیاکان، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.
2. پیرە ، جەمال(٢٠١٩) ، سەردەمی داعش، شوێن و چاپخانە دیار نیە.
3. سوڵتان، شێرزاد ئازاد (2021)، تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش لەژێر سەکردایەتی سەرۆک مسعود بارزانیدا، چاپخانەی هەڤاڵ، هەولێر.
4. فلیپس، دەیڤید ساڵ (دیارنیە)، بەهاری کوردی، وەرگێڕان: سیروان حسێن بیەیی، شوێن (دیارنیە).
5. مەنتک، کامەران(٢٠٢٠) ، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و داعش، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
6. نەجاڕ ، شێرزاد(٢٠٢١)، چۆن سیاسیانە بیربکەینەوە، بڵاوکردنەوەی گۆڤاری گوڵان، هەولێر.

7. وەلزی، ئیحسان(٢٠١٧) ، دەربارەی ئیسلام و داعش و ئیسلام دوای داعش، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
8. ئەحمەد، زوبێر رەسوڵ(٢٠٢٢) ، هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر.
9. ئەحمەد، سەروەر حەمە(٢٠٢٠)، کوردستان لە ستراتیژیەتی رۆژئاوادا، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

**٢- چاپتەر لە کتێب**

1. عەلی، ئازاد(٢٠١٦)، هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو و ئاسۆی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە کتێبی کوردستان و لە کتێبی کوردستان و پۆست – داعش، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەولێر.
2. گاژار، ئاسگەرۆڤ(٢٠١٧)، پێگەی کورد لە ستراتیژی روسیا لە دژی داعش، وەرگێران: دیجلە زەکی، لە کتێبی کوردستان دوای ئۆپەراسیۆنی موسڵ و رەققە، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، کتێبی ژمارە (٣).
3. محمود، شاسوار کەمال (٢٠١٥)، سەرهەڵدان و گەشەکردنی رێکخراوی تیرۆرستی داعش، لە کتێبی داعش و داعشناسی، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

**٣- تێزی زانستی**

1. محمد، چنار بابکر (٢٠١٥)، کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان – عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، بەشی زانستە سیاسییەکان.
2. هاڵو، سەگڤان ئوسمان(٢٠١٦)، کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، بەشی زانستە سیاسییەکان.

**٤- توێژینەوەی زانستی**

1. بەرزنجی ، دانا عەلی ساڵح (٢٠٢٠)، پەیوەندییە دیپلۆماسی و کونسوڵییەکان، چاپخانەی پاشا، شوێن(دیارنیە).
2. کاکەیی، سەعید (دیارنیە)، بارگەی دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات، گۆڤاری رۆشنگەری، ژمارە (٢٩).
3. ئەحمەد، زوبێر رەسول(٢٠٢٠) ، پاڵنەری سەرەکی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری یاسا و رامیاری، ژمارە (٢٨).
4. ئەحمەد، زوبێر رەسول(2021) ، هەرێمی کوردستان و سوریا: کێشەزای پەیوەندییەکان (2020-1992)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی(4) ژمارە(2).

**٥- توێژینەوە و وتاری ئەلیکترۆنی**

پەیوەندی نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان لە سەردەمی نێچیرڤان بارزانی ئیمانوێل ماکرۆن دا، نوچەنێت، (٢٠٢١/٨/١٨)، رێکەوتی سەردان ٢٠٢٢/١٢/١٥: بەستەر: https://bit.ly/3ZqEdmN

سادق، بارزان جەوهەر(٢٠٢١/٤/٨)، پارادیپلۆماسییەتی ئیمانوێل ماکرۆن و نێچیرڤان بارزانی، پێنووس، رێکەوتی سەردان ٢٠٢٢/١٢/٢، بەستەر: https://bit.ly/3EXUeIl

قادر، سەردار(٢٠٢١/١٠/١٧)، قۆستنەوەی دەرفەتە دیپڵۆماسییەکان بۆ پتەوکردنی پێگەی خود، پێنووس، رێکەوتی سەردان ٢٠٢٢/٧/١٦، بەستەر: https://bit.ly/3yP6Hvl

محمد، کامەران(٢٠١٨/٥/٣٠)، هەڵوێستی تورکیا لەسەر ریفراندۆم، پێنووس، رێکەوتی سەردان ٢٠٢٢/١١/٢٣، بەستەر: https://bit.ly/3EBsM3v

مستەفا، جەلال حەسەن(2016/8/10)، لە ئیسلامی داعشەوە بۆ ئیسلامی ئاشتی بونیادنانی دونیابینی مرۆڤدۆست، میللەت پرێس، رێکەوتی سەردان (2021/12/25)، بەستەر: https://bit.ly/3HdMEtt

- نوری، زیاد محمد(٢٠١٧/٥/٢٤)، گەشەی تیرۆرزمی نێودەوڵەتی: تاچەند تورکیا بە دەوڵەتی کۆمەکیکاری تیرۆر دادەنرێت، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٢/١١/٢٣، بەستەر: https://bit.ly/3U7xBqF

٦- چاوپێکەوتن
- ساڵح ئاغا، ڕێزان حەمە(٢٠٢٢/١١/٢٢)، چاوپێکەوتن، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا، لەڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی italy@gov.krd
- عبدالرحمن، بەیان سامی(٢٠٢٢/١١/٢٢)، چاوپێکەوتن، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی us@gov.krd
- مستەفا، دانەر ئەبوبەکر(٢٠٢٢/١١/٢٠)، چاوپێکەوتن، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە روسیا، لەڕێگەی - نامەی ئەلیکترۆنی russia@gov.krd
- مولود، عبدالرحمن(٢٠٢٢/١١/١٩)، چاوپێکەوتن، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران، لەڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنی iran@gov.krd

**دووەم: عەرەبی**

1- الكتب
- الحميري، إيناس أحمد غزال(2021) ، الدول الاقليمية واقليم كردستان العراق بعد 2003، دار الابداع، صلاح الدين- العراق، ط 1.

2- الأطروحات الجامعية
- بشرالدين، خيرالبحر(2016)، نظريه الخلافة الإسلامية عند الدولة الإسلامية فی العراق والشام "داعش"، رسالة ماجستير(غير المنشورة)، جامعة شريف هداية الله الإسلامية، كلية الدراسات الإسلامية والعربية، جاكرتا، إندونيسيا.

3- الدوريات العلمية
- الحريري، جاسم يونس(2017)، العلاقات العراقية-الخليجية :التحديات وأفاق المستقبل بعد داعش، مجلة الكتاب للعلوم الإنسانية، العدد (0) المجلد(1).

- النعيمي(2020)، لقمان عمر محمود النعيمي، شـــراكة تركيا مع إقليم كردســـتان – العراق في مجال الطاقة بعد عام 2011، مجلة دراسات إقليمية، العدد (46).

- خضـير، حسـام محمد(2019)، موقف روسـيا الاتحادية من اسـتفتاء إقليم كردسـتان العراق عام 2017، مجلة دراسات الدولية، العدد (79).

- سـرسـام على عمر و صـباح صـبحى حيدر(٢٠٢١)، أبعاد العلاقات بين إقليم كوردسـتان العراق مع المملكة العربية السعودية وتركيا (2014-2018)، مجلة قەڵای زانست العلمية، المجلد (6) العدد (4).

- علي، إيناس عبدالسادة (2020)، الباراديبلوماسي: لمحة تعريفية موجزة، مجلة العربية للنشر العلمي، العدد (15).

- محمد، ميثم و الماضي، قاسم و خليل، نغم عبدالحسين (2018)، التوصيف القانوني لجرائم تنظيم داعش، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسـياسـية، جامعة بابل - كلية القانون،المجلد (10)، العدد (1).

٤- تقارير

- النرنتيسي، محمود سمير(2014)، التحالف ضد تنظيم الدولة معطيات وشروط تركيا، مركز الجزيرة للدراسات، تقرير.

٥- المقالات الإلكترونية

- حمد، يونس(٢٠٢١/٦/٢٢)،العلاقات الكوردية الاردنية عبر التاريخ، شفق، يوم الزيارة ٢٠٢٢/٩/11، الرابط: https://bit.ly/3LeREks

**سێیەم: ئینگلیزی**

1- Book

- Schweitzer, Yoram and Einav, Omer (2016), the Islamic State: How Viable Is It, Institute for National Security Studies, ISBN: 978-965-7425-86-2, Israel.

2- Periodicals and Articles

- Ababakr, Yasin Mahmood (2020), Iraqi Kurdistan Region: from paradiplomacy to protodiplomacy, Review of Economics and Political Science.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- Balzacq, Thierry and Charillon, Frederic and Ramel, Frederic (2020), Global Diplomacy, Tranlated: William Snow, The Sciences po Series in International Relation and Political Economy, plagrave macmillan.
- Danilovich, Alex and Abdulrahman, Huda S (2017), Aiming at Secession: The KRG's Activism in the International Arena, UKH Journal of Social Sciences Vol. (1) Issue. (1).
- McHugh, James T(2015), Paradiplomacy, protodiplomacy and the foreign policy aspirations of Quebec and other Canadian provinces, Canadian Foreign Policy Journal, Volume (21), Issue (3).
- Oehring, Otmar (2017), Christians and Yazidis in Iraq: Current Situation and Prospects, Konrad-Adenauer-Stiftung e.V., Sankt Augustin and Berlin, German.
- Salih, Dana Ali and Najmalddin, Bakhan Ako (2016), Paradiplomacy of the Kurdistan Region After 2003: Present and Future, Journal of Law, Policy and Globalization, ISSN: 2224-3259 (Online), Vol. (53).
- Seidenader, Julius(2016/2017), The complex Relations between the Kurdistan Regional Government and the European Union, Seminararbeit, SE M4 a: Vertiefungsseminar Internationale Politik und Entwicklung Wintersemester.
- Siniver, Asaf and Lucas, Scott (2016), the Islamic State lexical battleground: US foreign policy and the abstraction of threat, International Affairs, Vol. (92), Issue (1).
- Ustun, Kadir and Dudden, Lesley (2017), Turkey-KRG Relationship Mutual Interests, Geopolitical Challenges, SETA, No. (31).
- Yatiban, Minurraasyid Bin and Stoni, Mahdi Ameen (2018), The US Foreign Policy Towards The Iraqi Kurds In The Middle East After Emergence of ISIS, Qalaai Zanist Scientific Journal, Vol. (3), Issue (1).
- Yatiban, Minurraasyid Bin and Stoni, Mahdi Ameen (2019), The relationship between the U.S. and Kurdistan region-Iraq post referendum, گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (٢٣)، ژمارە (٤).
3- Reports
- Al-Mawlawi, Ali (2018), Transformations in German Middle East Policy: The View from Iraq, Al-Bayan Center for Planning and Studies, Baghdad- Iraq.
- Mustafa, Mohammad Salih (2016), Iran's Role in the Kurdistan Region, Al Jazeera Centre for Studies, Report.
- The United Kingdom's policy towards Iraq, Al-Bayan Center for Planning and Studies, Series(5), Baghdad- Iraq, Dec 2015.
4-Websites:

- Borshchevskaya, Anna and Wahab, Bilal (14 Jun 2018), In Search of a New Patron, the KRG Turns Back to Moscow, The Washington Institute for Near East Policy, (Accessed: 9th July 2022), Available At: https://bit.ly/3Dh02hm
- Foy, Henry (30 Oct 2018), Rosneft's Iraqi Kurdistan oil and gas play angers Baghdad, Financial Times, (Accessed: 9th July /2022), Available At: https://on.ft.com/2TzZuZQ

# The Effect of ISIS on Foreign Relations Kurdistan Region – Iraq After 2014

**Assist. Prof. Dr. Barzan Jawhar Sadeq**
Department of Political System and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
barzan.sadq@su.edu.krd

**Muhammed Ismael Jalil**
Master Student, Department of Political System and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
muhammed.jalil@su.edu.krd

***Keywords:*** *The Effect, ISIS War, Foreign Relations, Kurdistan Region, Iraq*

## Abstract

The Kurdistan Region faced numerous threats as a result of the struggle against ISIS, but the region's diplomacy and quality of external connections paid off. Because it provided the strongest ground force against ISIS, the organization's genocide of the Yazidis in Sinjar sparked a significant worldwide response and helped to win the international community's support and solidarity for the Kurdistan Region. The Kurdistan Region's paradiplomatic and foreign contacts improved as a result of these events, including an increase in diplomatic delegation visits, and visits and summit-level receptions, establishing new relations, participation in international conferences and forums relevant to regional and global security.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تأثير المعركة داعش على العلاقات الخارجية لإقليم كردستان- العراق ما بعد 2014


## ملخص:

على الرغم من أن المعركة ضد داعش أوجدت العديد من التهديدات لإقليم كوردستان، إلا أن العلاقات الخارجية والدبلوماسية لإقليم كوردستان كانت لها نتائج إيجابية، لأن إقليم كوردستان كان أقوى قوة برية لمحاربة داعش. كما احتوت على عدد كبير من اللاجئين من محاربة داعش هذه من ناحية. ومن ناحية أخرى، فإن حقيقة تعرض الأيزيديين في سنجار للإبادة الجماعية على يد التنظيم الداعش، تسبب في رد فعل كبير على المستوى الدولي وخلق الدعم والتضامن لإقليم كوردستان على المجتمع الدولي. نتيجة لهذه الأحداث، تطورت العلاقات الخارجية والدبلوماسية موازية لإقليم كوردستان مع زيادة زيارات الوفود الدبلوماسية، والزيارات والاستقبالات على مستوى القمة، وإقامة علاقات جديدة، والمشاركة في المؤتمرات والمنتديات الدولية المتعلقة بالأمن الإقليمي والدولي.